# نەورۆزنامە




**وێنە دەسکردەکانی نەورۆزنامە لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (مزەفەر نامداری)یە.**





## نەورۆز

کورتەیەک دەربارەی نەورۆز، نەورۆز کە ئەمڕۆ وەک جەژنی سەری ساڵ لە کۆمەڵگای (فارسی) و (کوردی) و... بەڕێوە ئەبرێت لە کوێوە سەرچاوەی کردە؟ بۆ ئەو باسە:

گەڕانەوە بۆ پاشەوە

با گڕێینەوە بۆ ئەو دەورانە کە دەسەڵاتی زانستیی لە ئارادا نەبووە، وەک ئەمڕۆ ڕێگاوبان بۆ هاتووچوو هەموار نەبووە، ماشین، تەراکتۆر، بەرق و تەلەفۆن نەبووە، وەک ئەمڕۆ دوکتۆر و دەرمان و نەخۆشخانە نەبووە، وەک ئەمڕۆ سیلۆ بۆ پاشەکەوتکردنی گەنم و دانەوێلە نەبووە.

با گەڕێینەوە بۆ ئەو دەورانە کە مرۆڤ لە ناو جەنگەڵ و ئەشکەوتەکاندا ژیاوە، یا ئەگەر تۆزێ ڕێگەی پێشکەوتنی بڕیبێ لە گوند و دێی چەن ماڵی لە نێوان شیو و دۆڵ و دامێنی شاخ و کێوەکاندا ژیاوە.

لەو کاتەدا تاریکی و سەرمای زستان،

بەفر و کڕێوە و سەهۆڵبەندان

بووبێ بە شەریکی چەن مانگەی ژیان،

هەروەها دەرد و ئازار و نەخۆشی لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی (نەمانی خواردەمەنی خۆی و تفاق و ئاڵفی مەڕ و ماڵات) ژیانی لێبووبێ بە ژان.

لەو بارودۆخە دژوارەدا سروشت بەپێی دەستووری ژیانی خۆی بەرەو گۆڕان ملی ڕێ ئەگرێتە بەر، بەرە بەرە سەهۆڵبەندان و کڕێوەی بەفر و سەرماوسۆل کەم ئەبێتەوە، هەواخۆشی و سەرهەڵدانی گژ و گیا دەبێ بە جێنشینی ئەو ژیانە دژوارەی

زستان و ریگای هاتووچوو بۆ مرۆڤ و مەل و موور و مەڕ و مالات هەموار ئەکات. ئەم دەورانە تازە کە بە وەرزی بەهار بەناوبانگە، دەورانی بووژانەوەی ژیانی گژ و گیا و ئالوگورە بەسەر ژیانی ئاژەڵی کەوی و کێوی و مەل و مووره دا.

هەر رۆژێکی ئەم دەورانە لە بەرانبەر ئەو دەورانە سەخت و دژوارەی زستاندا ژیانێکی تازە و رۆژێکی نوێیە و جێی خۆیەتی کە پێی ئێژن (نەورۆز).

ئەوەی کە سەبارەت بە نەورۆز وەک سەری ساڵی تازە لە باسی (نەورۆز)دا گرنگە، باسی سووڕانی زەوییە بە دەوری هەتاودا کە (٢٥%٣٦٥) رۆژ ئەخایەنێت. پاشان سەرلەنوێ دەسپێئەکاتەوە، ئەو کاتە کە وەک سەری ساڵی تازە دیاریکراوە. هەستکردن بە سووڕانەی زەوی بە دەوری هەتاودا و دیاریکردنی ئەو کات و ساتە بۆ ئەمرۆی مرۆڤ کە زانست گەشە کردە، (زانایانی ئەو بەشە) ئەتوانن بێژن ئەوە زۆر گرنگ نییە، بەڵام بۆ دەورانێ کە مرۆڤ دەمەدەزگای زانستی وەهای بەدەستەوە نەبووە، زۆر گرنگ و پڕبەهایە!





**سەری ساڵی (نەورۆزی) و ساڵانی (دیکە)**

هەموومان ئەوە ئەزانین کە لە جهانی ئەمڕۆدا چەن جۆر (سەری ساڵ) هەیە، نموونە:

١ – سەری ساڵی عبری.

٢ – سەری ساڵی زایینی (میلادی).

٣ – سەری ساڵی کۆچی هەتاوی (شەمسی).

٤ – سەری ساڵی کۆچی مانگی (قەمەری).

سەری ساڵی عبری

ئەم سەری ساڵە تایبەتە بە (یەهودییەکان)

خودا لە میسردا وەهای بە موشە (موسا) و (هارون) وت:

مانگی (نیسان) بۆ ئێوە یەکەمین مانگ دەبێت، ئەم مانگە یەکەمین مانگی ساڵە.

سەری ساڵی زایینی (میلادی)

سەری ساڵی زایینی (میلادی) تایبەتە بە مەسیحییەکان

ئەوەیش بە بۆنەی لە دایک بوونی (عیسای مەسیحە) کە بەرانبەرە لەگەڵ رۆژی بیستوپێنجی ٢٥ مانگی دسامبر، بەڵام رۆژی یەکەمی ژانوییە وەک سەری ساڵ دیاریکراوە.

سەری ساڵی کۆچی

سەری ساڵی کۆچی تایبەتە بە موسوڵمانەکان

سەرەتای ساڵی (کۆچی هەتاو) و (کۆچی مانگی) ساڵی کوچکردنی (محەممەد) رابەری ئیسلامە کە لە ساڵی٦٢٢ی زایینیدا لە مەککەوە دەڕۆن بۆ مەدینە.

ئەو چەن دێرە سەبارەت بەو ئایینانە لە ئەنترنێت وەرگیراوە.
وەک دەبینین ئەو (٤) (سەری ساڵە) بە پێی رووداوە ئایینەکانە لە لایەن خۆدی مرۆڤەوە دیاریکراوە، هەر کام لەوانە تایبەتە بە دەستەیەک لە مرۆڤ، بەڵام (سەری ساڵی نەورۆزی) پێوەندی بە هیچ رووداوێکەوە کە دەستکردی مرۆڤ بێت، نییە.
سەری ساڵی نەورۆزی پێوەندی بە سووڕانی (گۆی زەوی) بە دەوری هەتاودا هەیە. ئەگەر وردبینانە لە (سەری ساڵی نەورۆزی) بڕوانین، سەری ساڵی نەورۆزی پێوەندی بە هەموو کەسێکەوە هەیە کە لە ناوچە چوار وەرزیدا ئەژین.

## نەورۆز هێمایی ئازادیخوازی

لە ناو ئەو نەتەوانەی کە نەورۆز سەری ساڵی تازەیانە، نەورۆز پێناسەیەکی دیکەیشی هەیە، ئەو پێناسەیش سنبولی دژی ستەمکار و زۆردارییە.
بۆچ نەورۆز وەها پێناسەوە کراوە ؟
بە هاتنی نەورۆز ئەو ژیانە سەخت و دژوارە کە لە وەرزی زستاندا فەرمانڕەوای دەکرد، دەسەڵاتی لاواز دەبێ و ژیان بۆ بوونەوەرەکان بەگشتی و مرۆڤیش بەتایبەتی ئاسان دەبێ و هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. هەر ئەوە مژدە بە ژێردەستەکان دەدات کە ژیانی ژێردەستەیی کۆتایی پێدێت و دەسەڵاتی ستەمکار و زۆردارن بەرەو تێکشکان ئەڕات.

## ئاگر و نەورۆز

هیچ نەورۆز و سەری ساڵێک بەبێ گڕ و بڵێسەی ئاگر بەڕێوە نەبراوە. ئەوەیش هەر ئەگڕێتەوە بۆ ئەو ژیانە سەخت و دژوارە زستانییەی کە مرۆڤ بوویەتی. لەو کاتەدا ئاگر مەزنترین پشتیوان و پەناگا بووە! مرۆڤ بە یارمەتی ئاگر خواردنی





سازکردووە، بە یارمەتی ئاگر خۆی لە گیاندارە جەنگەڵییەکانی وەک شێر و بەبر ... پاراستووە، بە یارمەتی ئاگر خۆی گرم داهێناوە تا کەمتر دووچاری ئازار و نەخۆشین بێت، ئاگری وەک کەرەسەی رووناککردنەوەی رێگاوبان بەکار بردووە. لە ئەمڕۆدا ئاگر لە چوارچێوەی ئەوانە دەرباز بووە، لە بەشی پیشەسازی بەناوی (ئێنرژی – وزەی سووتان) مەزنترین دەور لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت و بە کورتی بە کوردی ئاگر و نەورۆز لفەدوانەن!

سەبارەت بە ئاگر و نەورۆز با لەو باسە فارسییانە کە فیردەوسی نووسیویەتی و بە پێی توانا کردمە بە کوردی بڕوانین.

# Newroz

Kurteyek derbareyi newroz, newroz ke emirro wek cejinî serî sall le komellgayi (farsî) û (kurdî) w... berrêwe ebrêt le kwêwe serçaweyi krde? bo ew base:

Gerranewe bo paşewe
ba grrêyinewe bo ew dewrane ke desellatî zanistîyi le arada nebuwe, wek emirro rêgawban bo hatûçû hemwar nebuwe, maşîn, teraktor, berq û telefon nebuwe, wek emirro duktor û derman û nexoşxane nebuwe, wek emirro sîlo bo paşekewtkrdinî genm û danewêle nebuwe .

Ba gerrêyinewe bo ew dewrane ke mirov le naw cengell û eşkewtekanda jiyawh, ya eger tozê rêgeyi pêşkewtinî birrêbê le gund û dêyi çen mallî le nêwan şiyu û doll û damênî şax û kêwekanda jiyawe .
Lew kateda tarîkî û sermayi zstan ,
befr û krrêwe û sehollbendan
bûbê be şerîkî çen mangeyi jiyan ,
Herweha derd û azar û nexoşî le layek, le layekî dîkewe be hoyi (nemanî xwardemenî xoyi û tifaq û allfî merr û mallat) jiyanî lêbûbê bih jan .
Lew barudoxe dijwareda siruşit bepêyi destûrî jiyanî xoyi berew gorran milî rê egrête ber, bere bere sehollbendan û krrêweyi befr û sermawsۆl kem ebêtewe, hewaxoşî û serhelldanî gj û giya debê be cênşînî ew jiyane dijwareyi zstan û rêgayi hatûçû bo mirov û mel û mûr û merr û mallat hemwar ekat. Em dewrane taze ke be werizî behar benawbange, Dewranî bûjaneweyi jiyanî gj û giya û allugure beser jiyanî ajellî kewî û kêwî û mel û mûre da .
Her rojêkî em dewrane le beranber ew dewrane sext û dijwareyi zstanda jiyanêkî taze û rojêkî nwêye û cêyi xoyetî ke pêyi êjin (newroz) .





Eweyi ke sebaret be newroz wek serî sallî taze le basî (newroz)da giringe, basî sûrranî zewîye be dewrî hetawda ke (25%365) roj exayenêt. paşan serlenwê despêekatewe, ew kate ke wek serî sallî taze diyarîkrawe. hestkrdin be sûrraneyi zewî be dewrî hetawda û diyarîkrdine ew kat û sate bo emirroyi mirov ke zanist geşe krde, (zanayanî ew beşe) etwanin bêjin ewe zor giring nîye, bellam bo dewranê ke mirov demdezgayi zanistî wehayi bedestewe nebuwe, zor giring û prrbehaye !

Serî sallî (newrozî) û sallanî (dîke)

Hemûman ewe ezanîn ke le cihanî emirroda çen cor (serî sall) heyh,nmûne:
1 – Serî sallî 'brî.
2 – Serî sallî zayînî (mîladî).
3 – Serî sallî koçî hetawî (şemsî).
4 – Serî sallî koçî mangî (qemerî).

Serî sallî 'brî
em serî salle taybete be (yehudîyekan)
xuda le mîsirda wehayi be muşh (musa) û (harun) wt :
Mangî (nîsan) bo êwe yekemîn mang debêt, em mange yekemîn mangî salle.

Serî sallî zayînî (mîladî)
serî sallî zayînî (mîladî) taybete be mesîḧîyekan
eweyş bih boneyi le dayk bûnî ('îsayi mesîḧh) ke beranbere legell rojî bîstupêncî 25 mangî disambr, bellam rojî yekemî janwîye wek serî sall diyarîkrawe.

Serî sallî koçî
serî sallî koçî taybete be musullmanekan

seretayi sallî (koçî hetaw) û (koçî mangî) sallî kuçkrdinî (mḧemmed) raberî îslame ke le sallî622î zayînîda le mekkewe derron bo medîne .

Ew çen dêre sebaret bew ayînane le entirinêt wergîrawe .
Wek debînîn ew (4) (serî sallh) be pêyi rûdawe ayînekane le layen xodî mirovewe diyarîkrawe, her kam lewane taybete be desteyek le mirov, bellam (serî sallî newrozî) pêwendî be hîç rûdawêkewe ke destkrdî mirov bêt, nîye .
Serî sallî newrozî pêwendî be sûrranî (goyi zewî) be dewrî hetawda heye. eger wrdbînane le (serî sallî newrozî) birrwanîn, serî sallî newrozî pêwendî be hemû kesêkewe heye ke le nawçe çwar werizîda ejîn.

Newroz hêmayî azadîxwazî
le naw ew netewaneyi ke newroz serî sallî tazeyane, newroz pênaseyekî dîkeyşî heye, ew pênaseyş sinbulî dijî stemkar û zordarîye .
Boç newroz weha pênasewe krawe?
Be hatinî newroz ew jiyane sext û dijware ke le werizî zstanda fermanrrewayi dekrd, desellatî lawaz debê û jiyan bo bûnewerekan begşitî û mirovîş betaybetî asan debê û hest be asûdeyî deken. her ewe mjde be jêrdestekan dedat ke jiyanî jêrdesteyî kotayî pêdêt û desellatî stemkar û zordarin berew têkşkan errat.

Agr û newroz
hîç newroz û serî sallêk bebê grr û billêseyi agr berrêwe nebrawe. eweyş her egrrêtewe bo ew jiyane sext û dijware zstanîyeyi ke mirov bûyetî. lew kateda agr mezntirîn pşitiywan û penaga buwe! mirov be yarmetî agr xwardinî sazkrduwe, be yarmetî agr xoyi le giyandare cengellîyekanî wek şîr û bebr ... Parastuwe, be yarmetî agr xoyi grm dahênawe ta kemtir dûçarî azar û nexoşîn bêt, agrî wek kereseyi rûnakkrdineweyi





rêgawban bekar brduwe. le emirroda agr le çwarçêweyi ewane derbaz buwe, le beşî pîşesazî benawî (ênrjî - wzeyi sûtan) mezntirîn dewr le pêşkewtinî jiyanî mirovda degêrrêt û be kurtî be kurdî agr û newroz lfedwanen!

Sebaret be agr û newroz ba lew base farsîyane ke fîrdewsî nûsiyuyetî û be pêyi twana krdme be kurdî birrwanîn.



## مام نەورۆز

**مام نەورۆزی کۆڵ بەکۆڵ**
**ئەبڕێ ڕێگای دەشت و دۆڵ**
**ئەشێلێ بەفری کوێستان**
**ڕوو ئەکاتە کوردستان**

**بە بەستە و گۆرانی**
**بە خەندە و شادمانی**
**ئەڵێن بە خەڵکی جهان**
**شاد بن ئێوەیش، هەمووتان**

**لەبەر دەرکی هەر خانوو**
**ڕائەوەستێ بە بیانوو**
**ئەڵێ بە گیژ و کوڕان**
**ئەڵێ بە گەنج و کاڵان**

**لەو کاتە مناڵان**
**هەموو بەچەپڵە لێدان**
**دێنە دەرو لە ماڵان**
**ئەڵێن پێکەوە هەموان**

**سبەی ڕۆژێ پیرۆزە**
**ڕۆژی جەژنی نەورۆزە**
**بڕون بێنن ئێوەیش دار**
**بۆ پێشوازی لە بەهار**

**مامەنەورۆز هاتەوە**
**نەورۆزانەی هێنایەوە**
**بژی، بژی مام نەورۆز**
**جەژن لە هەموان پیرۆز!**

**با بکەینەوە ئاگر**
**کانگای بڵێسە و گڕ**
**لە دەور گڕ و بڵێسە**
**ڕائەویستین بە دەسە**

وێنە لە کارە هونەرییەکانی
مزەفەر نامداری







## Mam newroz

Mam newrozî koll bekoll
ebirrê rêgayi deşit û doll
eşêlê befrî kwêstan
rû ekate kurdistan

Be beste û goranî
be xende û şadmanî
ellên be xellkî cihan
şad bin êweyş, hemûtan

Leber derkî her xanû
raewestê be biyanû
ellê be gîj û kurran
ellê be genc û kallan

Lew kate minallan
hemû beçeplle lêdan
dêne dero le mallan
ellên pêkewe hemwan

Sbeyi rojê pîroze
rojî cejinî newroze
birrun bênin êweyş dar
bo pêşwazî le behar

Mamenewroz hatewe
newrozaneyi hênayewe
bijî, bijî mam newroz
cejin le hemuwan pîroz!

Ba bikeyinewe agr
kangayi billêse û grr
le dewr grr û billêse
raewîstîn be dese

وێنە لە کارە هونەرییەکانی مزەفەر نامداری



## (کانیاو) و (ئاو)

کاتێک باران ئەبارێ
بەخوورڕەم دێتە خوارێ
هەنێ ئەچێ بۆ دەریا
هەنێ بە ناخی زەویا

ئەویش پاش مەوەیە کورت
دێتۆ دەرۆ دەستووبرد
ئەبێ بە کانیاوی جوان
ئەبێ بە چاوگەی ژیان

کانیاو جێگەی ئاوە
سەوزەی لەلا رووواوە
کاتێ لە ئاو ئەڕوانی
بە رەنگەکەی نازانی

لە سوورا سوور ئەنوێنێ
لە شینا شین ئەنوێنێ
لە سەوزا خۆی سەوز ئەکا
یاری بە چاومان ئەکا

کاتێ سەیری باڵای کەی
لە باڵایشی تێناگەی
لە جێی چووک، چووک ئەنوێنێ
لە جێی زل، زل ئەنوێنێ

ئاو هەرچی کات شیرینە
سەرچاوەی ژیان و ژینە
هاوین لە کاتی گەرمان
سەهۆڵە لە بەردەستمان

ئەو ئاوە سارد و جوانە
لە دوو گازە بیزانە
ئۆکسیژن و هیدرۆژن
چەند ساڵیتر ئەیخوێنن.

وێنە لە کارە هونەرییەکانی مزەفەر نامداری





## Kaniyaw û aw

Katêk baran ebarê
bexurrrrem dête xwarê
henê eçê bo derya
henê be naxî zewya

Ewîş paş meweye kurt
dêto dero destûbrd
ebê be kaniyawî cwan
ebê be çawgeyi jiyan

Kaniyaw cêgeyi awe
sewzeyi lela ruwawe
katê le aw errwanî
be rengekeyi nazanî

Le sûra sûr enwênê
le şîna şîn enwênê
le sewza xoyi sewz eka
yarî be çawman eka

Katê seyrî ballayi keyi
le ballayşî tênagey
le cêyi çûk, çûk enwênê
le cêyi zl, zl enwênê

Aw herçî kat şîrîne
serçaweyi jiyan û jîne
hawîn le katî german
seholle le berdestman

Ew awe sard û cwane
le dû gaze bîzane
oksîjin û hîdrojin
çend sallîtir eyxwênin.



## Kaniyaw û aw

وێنە لە کارە هونەرییەکانی مزەفەر نامداری

## نەورۆز و بەهار

ئەمڕۆ ڕۆژێ پیرۆزە
ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆزە
نەورۆز سەرەتای ساڵە
وەرزەکەیشی بەهارە

بەهار وەرزێ شیرینە
دەشت و چیا ڕەنگینە
مەلان بێچوو هەڵئێنن
لە نێو باخان ئەخوێنن

درەختان چرۆ ئەکا
گوڵ و میوە دەرئەکا
شار و گوندان سەرانسەر
پڕ لە بەهرەی خۆی ئەکا

هاڕەی تەراکتۆری دەشت
چوونی خەڵکی لە بۆ گەشت
دەنگەدەنگی بەرخ و کار
گەلێ خۆشە لە پاش وەشت

ئەمڕۆ ڕۆژێ پیرۆزە
ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆزە
نەورۆز سەرەتای ساڵە
وەرزەکەیشی بەهارە




وێنە دەسکردەکانی نەورۆزنامە لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (مزەفەر نامداری)یە.

**





## Newroz û Behar

Emirro rojê pîroze
Emiro, cejinî newroze
newroz seretayi salle
werizekeyşî behare

Behar werizê şîrîne
deşit û çiya rengîne
melan bêçû hellênin
le nêw baxan exwênin

Drextan çiro eka
gull û miywe dereka
şar û gundan seraniser
prr le behreyi xoyi eka

Harreyi teraktorî deşit
çûnî xellkî le bo geşit
dengedengî berx û kar
gelê xoşe le paş weşit

Emirro rojê pîroze
emiro, cejinî newroze
newroz seretayi salle
werizekeyşî behare




وێنە دەسکردەکانی نەورۆزنامە لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەند (مزەفەر نامداری)یە.

**

## کوڵە چوارشەممە

کوڵە چوارشەممەی کۆتایی ساڵە
ئاگرێک ئەکەینەوە لەو یاڵە
ئاگرێ بڵێسەکەی هێن بڵەند بێ
دڕ بدا بە تاریکی هەزار ساڵە

کور و کچ، ژن و پیاو
مەزن و مناڵ، پیر و لاو
بزە لە لێو، شادی لە دڵ
دەس لەنێو دەس، مژدە لە چاو

بە سیڕەی زورنا
بە گرمەی دەهۆڵ
بە هۆرە و حەیران
بەرەو دەشت و دۆڵ

ئەبەین لەگەڵ خۆ چێوی گڕ کرتوو
نەک گڕی تاک، تاک، گڕی یەکگرتوو
لەگەڵیا ئەبەین بۆنی بەهاران
لە کوردستانۆ بۆ هەموو جهان

ئەڵێین پیرۆز بێ نەورۆز و بهار
ژیانت هەر گوڵ بێ و دەوریشت گولزار
ئاشتی و ئارامی چرای ڕێگات بێ
هەستی هاوکاری هێمای ژیانت بێ!





## Kulle çwarşemme

Kulle çwarşemeyi kotayî salle
agrêk ekeyinewe lew yalle
agrê billêsekeyi hên billend bê
drr bida be tarîkî hezar salle

Kur û kç, jin û piyaw
mezn û minall, pîr û law
bze le lêw, şadî le dll
des lenêw des, mjde le çaw

Be sîrreyi zurina
be grmeyi deholl
be hore û ḧeyran
berew deşit û doll

Ebeyin legell xo çêwî grr krtû
nek grrî tak, tak, grrî yekgrtû
legelliya ebeyin bonî beharan
le kurdistano bo hemû cihan

Ellêyin pîroz bê newroz û bihar
jiyant her gull bê û dewrîşit gulzar
aşitî û aramî çirayi rêgat bê
hestî hawkarî hêmayi jiyant bê

## نەورۆز و نەورۆزانە

نەورۆز هات
گوڵی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

نەورۆز هات
شادی بۆ تۆ، هانی
بۆ منیش، چاوەڕوانی

نەورۆز هات
خۆشەویستی بۆ تۆ هانی
بۆ منیش چاوەڕوانی
چاوەڕوانم بە نەورۆزانەیەک
کۆتایی بێنیت بە چاوەڕوانی

**





## Newroz û Newrozane

Newroz hat
gullî bo to, hanî
bo minîş, çawerrwanî

Newroz hat
şadî bo to, hanî
bo minîş, çawerrwanî

Newroz hat
xoşewîst bo to, hanî
bo minîş, çawerrwanî

çawerrwanm, be
nerozaneyek
kotayî bê be
çawerrwanî

## نەورۆز

جەژنە ئەمرۆ، جەژنی نەورۆز
رۆژێکە بۆ ژیان گەلێک پیرۆز!
رۆژی دەربڕینی هەستە و سۆز
جەژنە ئەمرۆ، جەژنی نەورۆز

جەژنی ستەمکار و زۆرداران نییە
جەژنی لە دایکبوونی شا و سوڵتانان نییە
رۆژی ئیبراهیم و زەردەشت نییە
جەژنی کریسمەس و مێعراج نییە

جەژنە، جەژنی سروشت
چەژنی زەمینی بە بڕشت
بۆ ئەم کارە زەوی بێوچان
ساڵێک ئەڕوا بەبێ وەستان

بە دەور تاودا ئەگەڕێ
لێزمەی تیشک وەرئەگرێ
خۆی بە باشی پاراو ئەکا
رێگا بۆ ژیان هەموار ئەکا

مەل و موور و دارودرەخت
ئاژەڵ و مرۆ ئەکا خۆشبەخت
جەژنە ئەمرۆ، جەژنی نەورۆز
لە هەموو کەس، ببێت پیرۆز!





## Newroz

Cejine emiro, cejinî newroz
rojêke bo jiyan gelêk pîroz!
rojî derbirrênî heste û soz
cejine emiro, cejinî newroz

Cejinî stemkar û zordaran nîye
cejinî le daykbûnî şa û sulltanan nîye
rojî îbrahîm û zerdeşit nîye
cejinî krîsmes û mê'rac nîye

Cejinh, cejinî siruşit
çejinî zemînî bih birrşit
bo em kare zewî bêwçan
sallêk errwa bebê westan

Be dewr tawda egerrê
lêzimeyi tîşk weregrê
xoyi be başî paraw eka
rêga bo jiyan hemwar eka

Mel û mûr û darudrext
ajell û miro eka xoşbext
cejine emiro, cejinî newroz
le hemû kes, bibêt pîroz!

## کوا بەهار؟

کوا چرۆی دار؟
کوا هەڵپەڕینی نێو گوڵزار؟
کوا قاقا و پێکەنینی دڵبەر و دڵدار؟
کوا بەهار؟
کوا چرۆی دار؟

چەن سەختیمان هەتابەر
چەن زستانمان بردەسەر
چەن زۆردارمان کردەدەر
کەچی، هەر ئاوارەین و دەربەدەر

کوا بەهار؟
کوا چرۆی دار؟
کوا هەڵپەڕینی نێو گوڵزار؟
کوا قاقا و پێکەنینی دڵبەر و دڵدار؟
کوا بەهار؟
کوا چرۆی دار؟





## kwa behar?

کوا بەهار؟

Kwa behar ?
Kwa çiroyi dar?
Kwa hellperrînî nêw gullzar?
Kwa qaqa û pêkenînî dllber û dlldar?
Kwa behar?
Kwa çiroyi dar?

C,en sextîman hetaber
çen zstanman brdeser
çen zordarman krdeder
keçî, her awareyin û derbeder

Kwa behar ?
Kwa çiroyi dar?
Kwa hellperrînî nêw gullzar?
Kwa qaqa û pêkenînî dllber û dlldar?
Kwa behar ?
Kwa çiroyi dar?



## خزمان فریاکەون !

لێرە، لەم مەڵبەندە
لەم مەڵبەندە سەهۆلبەندە
بەفرێکی وەها باریوە
ڕێی هاتووچووی بڕیوە
گەر بتەوێ بچیتەدەر
دەردیسەرە و دەردیسەر
ئەبێ خۆت باش جل بکەی
نەک هەر جل ناڵیش بکەی
نەکا خۆ بەی لە قەپان
لە جادە و کوچە و کۆڵان
لە بەر کەمی هاتووچوو
وەها ئەژین هەر هەموو
دانەوێلە ئەخۆین بە دانە
کەنوو بوو بە هەمانە!

هەمانە ڕەش و بۆرە
خواردەمەنیی نەزۆرە
هیزە بووە بە دیزە
دیزەیش کەوتەتە گیزە
نازانم لای ئێوە چلۆنە؟
هاتوچوو ئێستا چۆنە؟
فەیسبووک هەر وەکو جاران
دێتە خانە و دیواخان؟
یان وەک ئێرە زیزە و مات
زیزە و مات و بێدەسەڵات !
دەسا فریا کەون دۆستان
لەم سەرماوسۆڵەی زستان!

٢٠٢٤/١/٨







## Xiziman friyakewn!

Lêre, lem mellbendh
Lem mellbende seholbende
befrêkî weha bariywe
rêyi hatûçuwî birriywe
ger bitewê biçîteder
derdîsere û derdîser
ebê xot baş cl bikey
nek her cl nallîş bikey
neka xo beyi le qepan
le cade û kuçe û kollan
le ber kemî hatûçû
weha ejîn her hemû
danewêle exoyin be dane
kenû bû be hemane!

hîze buwe be dîzih
dîzeyş kewtete gîze
Nazanm layi êwe çlone?
Hatuçû êsta çone?
Feysbûk her weku caran
dête xane û diywaxan?
yan wek êre zîze û mat
Zîze û mat û bêdesellat!
desa friya kewn dostan
Lem sermawsolleyi zstan!

nekeroz: nawî kêwêkî kurdistane le nawçeyi seqz

## نەورۆز

## Newroz

زستانم بینی
لەبەر تریفەی مانگەشەو
دانیشتبوو، بە دووگیانی

Zstanm bînî
leber tirîfeyi mangeşew
danîşitibû, be dûgiyanî

ئارام و لەسەرخۆ
کراس و پاپەجانەی
زێوینی، ئەچنی

Aram û leserxo
kras û papecaneyi
zêwînî, eçnî

وتم: کۆرپەکەت چی ناو ئەنێی؟
وتی: نەورۆز

Wtm: korpeket çî naw enêy?
Wtî: newroz

وتم: گوێزەبانە چیمان پێئەدەی
وتی: گوڵەگەزیزەی (نەکەرۆز )

Wtm: gwêzebane çîman pêedey
Wtî: gullegezîzeyi nekeroz

وتم: دیداری لەتۆ،
گراس و گۆرەیییەکان لە ئەو
گوڵەگەزیزەش لە گشت هۆز
ببێت پیرۆز!

Wtm: dîdarî leto ,
gras û goreyiyekan le ew
gullegezîzeş le gşit hoz
bibêt pîroz!

نەکەرۆز: ناوی کێوێکی کوردستانە لە ناوچەی سەقز





## نەورۆز

## Newroz

نەورۆزە ئەمڕۆ
ساڵی تازە هاتەوە
ڕۆژی هەوڵ و تەقالا
بۆ ژیانی خۆش هاتەوە

Newroze emirro
sallî taze hatewe
rojî hewll û teqala
bo jiyanî xoş hatewe

سەیری شاخ و داخ و کەژ کە
بەفرەکان چۆن چوونەوە
جۆگەلە و کانی بناران
سەرلەنوێ گشت ژیانەوە

Seyrî şax û dax û kej ke
befrekan çon çûnewe
cogele û kanî binaran
serlenwê gşit jiyanewe

مەل و موور و گشت بوونەوەر
شاری و گوندی پاک سەرانسەر
بەستە ئەڵێن لەبۆ ژیان
خەندە و شادی نابڕنەوە.

Mel û mûr û gşit bûnewer
şarî û gundî pak seraniser
beste ellên lebo jiyan
xende û şadî nabirrinewe.

## Newroz

## نەورۆز

Le dwênêwe ta emiro
newroz buwe le zêdî min û to
em cejine pîrozih, pîroz bêt
le to û le dostanî to!

له دوێنێوه تا ئه‌مرۆ
نه‌ورۆز بووه له زێدی من و تۆ
ئه‌م جه‌ژنه پیرۆزه، پیرۆز بێت
له تۆ و له دۆستانی تۆ!





## Sewî yelda

## شه‌وی یه‌لدا

Emşew emewê mest bikem
dinyayi pestî pest bikem
serî dostan billend w
serî xoyşm xem bikem

ئه‌مشه‌و ئه‌مه‌وێ مه‌ست بکه‌م
دنیای په‌ستی په‌ست بکه‌م
سه‌ری دۆستان بڵه‌ند و
سه‌ری خۆیشم خه‌م بکه‌م

Le şewî drêjî yelda
le yadî gullî dllda
legell honraweyi şengda
piyalleyi mollm frr ekem

له شه‌وی درێژی یه‌لدا
له یادی گوڵی دڵدا
له‌گه‌ڵ هۆنراوه‌ی شه‌نگدا
پیاڵه‌ی مۆڵم فڕ ئه‌که‌م

Daenîşm ta beyan
meyi enoşm bêwçan
legel dengî gîtara
weha ellêm be jiyan

دائه‌نیشم تا به‌یان
مه‌ی ئه‌نۆشم بێوچان
له‌گه‌ل ده‌نگی گیتارا
وه‌ها ئه‌ڵێم به ژیان

Kanî xemm, bezimî cemm
ahî memm, eşkî şemm
şew ta beyan, esûtêm
beyanîş her leser cêm

کانی خه‌مم، به‌زمی جه‌مم
ئاهی مه‌مم، ئه‌شکی شه‌مم
شه‌و تا به‌یان، ئه‌سووتێم
به‌یانیش هه‌ر له‌سه‌ر جێم




## Mam befrîne

## مام بەفرینە

Zstane befr ebarê
tawê hêwaş
tawê grj
be komell dêne xwarê

زستانە بەفر ئەبارێ
تاوێ ئارام،
تاوێ تون
بە کۆمەڵ دێنە خوارێ

Minîş wam le kollan
legell dost û havellan
yarî ekeyin bêwçan
be goranî çepllelêdan

منیش وام لە کۆڵان
لەگەڵ دۆست و هاڤەڵان
یاری ئەکەین بێوچان
بە گۆرانی چەپڵەلێدان

Drust ekeyin mam befrînh
befrînh cwan û şîrînh
nanî pêedîn prsî nebê
daepoşîn sermayi nebê

دروس ئەکەین مام بەفرینە
چونکە جوان و شیرینە
نانی پێئەدین پرسی نەبێ
دائەپۆشین سەرمای نەبێ

Ewîş berebere çûk ebêtewe
lêman dûr ekewêtewe
êmeyş erroyinewe bo mall
be manduwî û desbetall

ئەویش بەرەبەرە چووک ئەبێتەوە
لێمان دوور ئەکەوێتەوە
ئێمەیش ئەڕۆینەوە بۆ ماڵ
بە ماندووی و دەسبەتاڵ

❊❊







## C,war werizî

## چوار وەرزی

Le Behara serwî serum
Le Hhawîna tawî taw
Lle Payza rengî rengan
Le Zstana sermawsollî temenbendan

لە بەهارا سەروی سەروم
لە هاوینا تاوی تاو
لە پایزا رەنگی رەنگان
لە زستانا سەرماوسۆڵی تەمەنبەندان

❊❊



## سیانگزەبەدەر

ڕۆژی سیانگزەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ تۆمارکردنی یادگار
لە شیو و دۆڵ و دەشت و کۆسار

ڕۆژی سیانگزەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ سەر فەرشی چیمەنی بەهار
لە گوێ گۆل و جۆگە و ڕووبار

ڕۆژی سیانگزەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ بینینی یار
لە ناو گوڵزار

ڕۆژی سێزدەبەدەر ئەڕۆینە دەر
بۆ لوتکەی ئاوییەر
ئاوییەری بەختەوەر

لە وێوە بۆ بەرزایی شانشین
شانشینی دڵ نشین
پاشان ئەڕۆین بۆ تاقەوسان

بۆ دیداری شادی دۆسان
لەوێوە ڕوو ئەکەینە بێستوون
بێستونی ئەڤین ستوون

ڕۆژی سیانگزەبەدەر
ئەڕۆینە دەر
ئەڕۆین بۆ بڵندایی حەسارۆس -

لە وێوە بۆ باوشی داشامەجی و سەوزەپۆش،
بۆ نەکەڕۆز و قەندیل و چلچەمە،
بۆ شاهۆ، بۆ داڵاهۆ -

بۆ ئارارات کە هەموو کات سەر بە تەمە!
لێیان ئەپرسین: کەی دێت کات و ڕۆژی هات
ڕۆژی بێزاری لە داگیرکەری زێد و وڵات؟

ئەڵێن: هەر کاتێک بەجوانی خۆت ناسی
هەر کات هەستت کرد، کە کەساسی
ئەو ڕۆژە، ڕۆژی هاتە! ڕۆژی دەربازبوون لە نەهاتە!

**







## Ssiyangzebeder

Rojî siyangzebeder
erroyine der
bo tomarkrdinî yadgar
le şiyu û doll û deşit û kosar

Rojî siyangzebeder
erroyine der
bo ser ferşî çîmenî behar
le gwê gol û coge û rûbar

Rojî siyangzebeder
erroyine der
bo bînînî yar
le naw gullzar

Rojî sêzdebeder
eroyinh der
bo lutkeyi Awîyer
Aawîyerî bextewer

bo berizayî S,anşîn
S,anşînî dll nşîn
lh wêwe eroyin bo Taqewsan
bo dîdarî şadî dosan
paşan rû ekeyine bêstûn
bêstunî evîn stûn

bo baweşî Daşamecî û S,ewzepoş,
bo Nekeroz û Qendîl û çlçemh

bo S,aho û Dallaho ,
bo Ararat ,
ke hemû kat
ser be temh!

lêyan eprsîn :
keyi dêt kat û rojî hat
rojî bêzarî le dagîrkerî zêd û wllat?

Ejen: Her katêk becwanî xot nasî
her kat hestt krd, ke kesasî
ew rojh, rojî hath !
rojî derbazbûn le nehath?

ellên: her katêk becwanî xot nasî
her kat hestt krd, ke kesasî
ew rojh, rojî hath !
rojî derbazbûn le nehath

## پایز

پایز، ساردی
وەک هەناسەم
هەناسەی دەروون تاسەم
بێدەنگی،
بێرەنگی
وەک هەژاران
هەژرانی بەر دیواران
رۆژت کورتە وەک شادی من
شەوت درێژ وەک رەنجی من
دەپێم بڵێ، چلۆنە ماوی
لە خەما نە فەوتاوی؟!
پایز،
پایز،
پایز؟!

❊





## Payz

Payz, sardî
wek henasem
henaseyi derûn tasem
bêdengî ,
bêrengî
wek hejaran
hejranî ber diywaran
rojt kurte wek şadî min
şewt drêj wek rencî min
depêm billê, çlone mawî
le xema ne fewtawî!?
Payz,
payz,
payz ? !



Zstan û Behar

C,iro û Sîxwar
drexttan daepoşê
yekiyan ebê be miywe
ewî dî wek krîstall edrewşê!

**زستان و بەهار**

**چرۆ و سیخوار**
**درەختتان دائەپۆشێ**
**یەکیان ئەبێ بە میوە**
**ئەوی دی وەک کریستاڵ ئەدرەوشێ!**







**Vinter och vår**

**Rimfrost och knoppar**
**täcker och täckt träd**
**en annan blir frukt och**
**andra glittrar som kristall.**

Täck: täckt- täckare- Vacker nätt – behaglig



## Från Samistan till Kurdistan

**Från Kebnekaise ska jag**
**flaxa och Flyga till <u>Ararat</u>,**
**till <u>Shahå</u>, <u>Dalahå</u> och <u>Chelcheme</u>**
**där jag levde glatt**

**Jag tar Fjällsippor från Samistan**
**till barnen i Kurdistan**
**där ifrån hämtar jag Gezizeblommor**
**och skänker de till barnen i Samistan**

❊❊❊

Ararat, Shahå, Dalahå, Chelcheme de är fyra berg
Gezizeblommor: Iris
Bild från Internet







## Le Samîstan bo Kurdistan

le (Kbinîkeyse)we
ball egrmewe bo Ararat
bo S,aho, bo Dallaho,
bo C,lçemeyi rojanî hat

(Fîyel spî)yekeyi Samiyestan
ebem bo minallanî Kurdistan
gulle Gezîzeyi ew diyare
ênmewe bo lawanî em bêşezare
**

fîyel spî nawî gulêke le corî gezîze
›kbinîkeyse› nawî kêwêke le beşî
sereweyi swîd.
samîstan - samekan – neteweye
kin ke le swîd ,
nurwêj û fenlland û rusîye

## لە سامیستان بۆ کوردستان

**لە (کبنیکەیسە)وە**
**باڵ ئەگرمەوە بۆ ئارارات**
**بۆ شاهۆ، بۆ داڵاهۆ،**
**بۆ چلچەمەی رۆژانی هات**

**(فییەل سپی)یەکەی سامیەستان**
**ئەبەم بۆ مناڵانی کوردستان**
**گوڵە گەزیزەی ئەو دیارە**
**ئێنمەوە بۆ لاوانی ئەم بێشەزارە**

❊❊

**فییەل سپی ناوی گولێکە لە جۆری گەزیزە**
**‹کبنیکەیسە› ناوی کێوێکە لە**
**سەرەوەی سوید.**
**سامیستان - سامەکان - نەتەوەیەکن کە**
**لە نێوان سوید، نورویژ و فەنلاند و روسییە**



## Farbror tomte

**Det dalar ner stora snöflingor**
**På berg, i havet och skogar**
**hela området är mörkt och tyst**
**Men rabiata vargar ylar**

**Farbror tomte sakta, sakta**
**är på väg till städer och byar**
**har på ryggen en stor säck**
**Det är full av godis och klappar**








## Mame tomth

Kulu kulu befr dête xwar
leser kêw û ban derya û bêşezar
hemûla kp û krr û bêdenge
bellam, dellurênê gurge har

mame tomteyş leserxo
wa berêwe berew dêhat û şar
be kollîyewye gunîyekî gewre
prre le diyarî cwan û nuqllî mezedar

## مامە تۆمتە

**کولو کولو بەفر دێتە خوار**
**لەسەر کێو و بان دەریا و بێشەزار**
**هەموولا کپ و کڕ و بێدەنگە**
**بەڵام، دەڵورێنێ گورگە هار**

**مامە تۆمتەیش لەسەرخۆ**
**وا بەرێوە بەرەو دێهات و شار**
**بە کۆڵییەویە گونییەکی گەورە**
**پڕە لە دیاری جوان و نوقڵی مەزەدار**

## Den stilla natten

**Himlen är tydlig och klar**
**Månen lyser**
**Tjärnorna glittrar**
**Snön blinkar som kristall**
**Två tjocka kaniner**
**Hoppar O hoppar**
**Och jag tittar O tittar**

## شەوێکی ئارام

**ئاسمان شینە و پاک سامالّ**
**بێ بروسکەو نالّەنالّ**
**مانگ لە ئاسمان ئەشنێتەوە**
**ئەستێرەیش ئەبریسکێنەوە**
**بەفری ژێر تریفەی مانگەشەو**
**یاری ئەکا بە نووچکەخەو**
**دوو کەروێشکی جوانی خرپن**
**دێن و ئەڕۆن بە قونەقون**
**منیش چاوم لەوانە**
**دیمەنەکەی جوانە.**





## C,leyi hawîn

Emiro çleyi hawîne
germa tewaw betîne
gwê rûbar  û deryakan
gelê xoşe bo hemuwan

Deryayi şînî ber hetaw
prşng dawêjê bo çaw
emiro çleyi hawîne
cihan gelê şîrîne.

Asman şînew pak samall
bê hewre û grmeyi (uskar)*
estêran eken sema
le hollî berizî sema

Were ba meyş des bigirîn
be kamî dll hellperrîn
emşew çleyi hawîne
siruşit gellê şîrîne

**

## چلەی هاوین

**ئەمرۆ چلەی هاوینە**
**گەرما تەواو بەتینە**
**گوێ رووبار  و دەریاکان**
**گەلێ خۆشە بۆ هەمووان**

**دەریای شینی بەر هەتاو**
**پرشنگ داوێژێ بۆ چاو**
**ئەمرۆ چلەی هاوینە**
**جهان گەلێ شیرینە.**

**ئاسمان شینەو پاک سامالّ**
**بێ هەورە و گرمەی (ئوسکار)**❊
**ئەستێران ئەکەن سەما**
**لە هۆڵی بەرزی سەما**

**وەرە با مەیش دەس بگرین**
**بە کامی دڵ هەڵپەڕین**
**ئەمشەو چلەی هاوینە**
**سروشت گەڵێ شیرینە.**

❊❊

**ئوسکار: بە سویدی واتە  بروسکە، هەورەتریشقە.**
**وێنە لە هەمان ساڵنامە وەرگیراوە**

Uskar: be swîdî wate  bruske, hewretirîşqe .




### نەورۆز لە کوردستان؟

**چاوەڕوانی کە بڵێم ساڵی تازەت پیرۆز بێ؟**
**چی ڕۆیوە، چی هاتووە کە تازە بێ؟**
**خوا هەر خوایە و مەش کۆیلەکەی پێش**
**سەرم لەم شادیکردنەت گێژ ئەبێ!**

**

**بەو هیوایە (درەختی) خوا خوێنڕێژ و خوێننۆش و خوێنپۆشەکانی گۆی زەوی (تێرخوێن) بێ تا جهان بەگشتی، ئاسیا و ئەفریقا و (کۆبانییەکانی کوردستانیش) بەتایبەتی ئیتر بە بیانووی لەناوبردنی {(داعش و ... دەسکردەکانی خۆیان)} لەوە زیاتر وێران نەکەن و خەڵکەکەی و بوونەوەرەکانی دیکەیشی بە سەگ و گورگ و ئاژەڵ و مەل و مووروەوە لە خوێنا نەگەوزێنن! بە هیوای ئەو ڕۆژە.**

**٢٠١٥/٣/١٢**








## Newroz le kurdistan?

Cawerrwanî ke billîm sallî tazet pîroz bê?
çî roywe, çî hatuwe ke taze bê?
xwa her xwaye û meş koylekeyi pêş
serm lem şadîkrdinet gêj ebê!

**

Bew hiywaye (drextî) xwa xwênrrêj û xwêninoş û xwênpoşekanî goyi zewî (têrxwên) bê ta cihan begşitî, asiya û efrîqa û (kobanîyekanî kurdistanîş) betaybetî îtir bih biyanuwî lenawbrdinî {(da'ş û ... deskrdekanî xoyan)} lewe ziyatir wêran neken û xellkekeyi û bûnewerekanî dîkeyşî be seg û gurg û ajell û mel û mûrewe le xwêna negewzênin! be hiywayi ew roje.

12/3/2015



کۆبانی




سوور


سیواک

## نەورۆزی ئەمساڵ

گەنج و کاڵ
ژن و پیاو، مێر و مناڵ
جلوبەرگ خوێناوی،
ڕەنگ و روخسار خەمای
ئاوارە و بێخانە و لانە
لەم جهانە پان و بەرینە.

پرچی شۆڕەبی ژاکاوە
ڕەنگی گەزیزە شێواوە
سیمای دۆڵ و چیاکان
نمای گوند و شارەکان
بە کوچە و کۆڵانەوە
بە بازار و دووکانەوە
بە کلیسا و مزگەوت و مەیخانەوە
بە نەخۆشخانە و قوتبخانەوە
لە ئەنجامی بوومباران
تێکرا کراون وێران.

جاران دەریاکان بوون ڕەنگ شین
ئێستا ئەگێڕن گەرمەشین
بۆ مەرگی ئاوارەی (کۆچ) نشین
کە جگە لە دەریا نییانە شوێن بۆ ژین

کێ بێ بتوانێ بەو دیمەنانەوە
بیر لە شادی و خۆشی کاتەوە
بڕوات بۆ پێشوازی بەهار و نەورۆز
ئاگر کاتەوە لە ئارارات و شاهۆ و نەکەرۆز.
٢٠١٦/٣/١٤





## Newrozî emsall

Genc û Kall
jin û piyaw, mêr u minall
cluberg xwênawî,
reng û ruxisar xemay
aware û bêxane û lane
lem cihane pan û berîne.

Prçî S,orrebî jakawe
rengî gezîze şêwawe
sîmayi doll û çîyakan
nmayi gund û şarekan
be kuçe û kollanewe
be bazar û dûkanewe
be klîsa û mzgewt û meyxanewe
be nexoşxane û qutibixanewe
le encamî bûmbaran
têkra krawn wêran.

caran deryakan bûn reng şîn
êsta egêrrin germeşîn
bo mergî awareyi (koç) nşîn
ke cge le derya nîyane şwên bo jîn

kê bê bitwanê bew dîmenanewe
bîr le şadî û xoşî katewe
birrwat bo pêşwazî behar w newroz
agr katewe le ararat û şaho û nekeroz.

14/3/2016

## کونی نەهات

چەن زستانمان نایە چاڵ
سروەی بەهارێ هەر نەهات

چەن نەورۆزمان بەرێکرد
رۆژێکی نوێ قەت هەڵنەهات

چەن کاروانمان کەوتە رێ
تاقە کەپرێکی گیر نەهات

چەن دوژمنمان تێشکان
سەرکەوتنمان وەدی نەهات

سوێسکە و کەوی بەهاران
راوچی نییە کە راوی ئەکات

بانگی شومی خۆ خۆرییە
راوچییان دڵشاد ئەکات

کەوی رەسەنی بەنەنان هەر ئەفرێ
سەدان راوچیش شوێنی هەڵکات!

ئەو کەوەی وا کەوییە، سەر نەوییە
نفرەتی کەن، ناوی بنێن کونی نەهات!





## Kunî nehat

C,en zstanman naye çall
sirweyi beharê her nehat

çen newroziman berrêkrd
rojêkî nwê qet hellinehat

çen karwanman kewte rî
taqe keprêkî gîr nehat

çen dujminman têşkan
serkewtinman wedî nehat

swêske û kewî beharan
rawçî nîye ke rawî ekat

bangî şumî xo xorîye
rawçîyan dllşad ekat

kewî resenî benenan her efrê
sedan rawçîş şwênî hellkat!

ew keweyi wa kewîye, ser newîye
nfretî ken, nawî binên kunî nehat!



## کوا سێبەری سیخوارستان؟

(شێخ)ی بێ شین دەستم بەدامان
لە دەس گەرمای پێش لە تاوسان
گەرما چ گەرما، گڕکانی دەوران
دەم ئەکا تفت و لەشیش بارگران
سا فریاکەوە ئەی سەهۆڵبەندان
بە کزەی سێبەری ژێر سیخوارستان
سارێژکە جەستەی گەرما بردووان
با ببووژێینەوە سەرلەنوێ بۆ ژیان.

❊❊

وێنەی گەڕەکی (ئاکالا بی)
(Akalla by) لە ستۆکهۆڵم

٢٠١٨/٥/٣٠

## kwa sêberî sîxwarstan?

(şêx)î bê şîn destm bedaman
le des germayi pêş le tawsan
germa çi germa, grrkanî dewran
dem eka tift û leşîş bargran
sa friyakewe eyi sehollbendan
be kzeyi sêberî jêr sîxwarstan
sarrêjke cesteyi germa brduwan
ba bibûjêyinewe serlenwê bo jiyan.

**

wêney gerrekî
(akala bî) (Akalla biy)
le stokhollm

30 Maj 2018





## زستان ماڵئاوا

لە زستان بێزاری
ئاشقی بەهاری
شەیدای شیناوەرد
کەیلی گۆڵزاری؟

بەهاری رەنگین
گوڵزاری نەخشین
ئەشق و دڵداری
بە بەفرۆ ئەژین

## Zstan mallawa

Le Zistan bêzarî
aşqî Beharî
şeydayi şînawerd
keylî gollzarî?

Beharî rengîn
gullzarî nexşîn
eşq û dlldarî
be Befro ejîn

❊❊

## ئارام و بەسام

دەریا و ئاسمان
خوشک و بران
هاوینان شاد و ئارام
زستانان توڕە و بەسام

## Aram û Besam

Derya û Asman
xuşk û bran
Hawînan şad û aram
Zstanan turre û besam

## وەڵامی نامەیەکی نەورۆزی

دۆستی خۆشەویستم ن، ش
ئەم کاتە و گشت کاتێکت شاد، ئاواتم ئەوەیە ژیان بە ئارەزوت بێ! کارتە جوانە نەورۆزییەکەت، لەگەڵ نامەکەی کە باسی هاتنی شەماڵ و توانەوەی بەفر ئەکات، گەیشتە دەستم. ئەمەوێ بەو چەند دێڕە وەڵامی نامەکە و هەستە جوانەکەت بەمەوە:
بەهیوای شەماڵێکم، رنۆکان برۆخێنێ
بەستەڵەک و رێبەندانی رێبەندان هەڵتەکێنێ!

**بەهیوای شەماڵێکم ئەرخەوانە سوور وەرێخا**
**تەپۆڵکە و چیا پاک کاتەوە،**
**دمەڵی سەر جادە و کۆڵانان هەڵتەکێنێ**

**بەهیوای شەماڵێکم تۆوی شادی لە دڵا بچێنێ**
**ئاگرێ بگەشێنێتەوە - شەوەزنگ بسووتێنێ،**
**نەورۆزێکی شاد بۆ هەموومان بە دیاری بێنێ**

**بەهیوای نەورۆزێکم**
**کۆیلەدار بەدەس کویلە - دابەزێنێ**
**باسکم لە گەردنی دۆستان بئاڵێنێ**
**بە ئەسرینی خۆشەویستی**
**لە جێی هەر دڕکە ژەنگاوییەک**
**هەزاران گوڵخەندەران بروێنێ**
**بەهیوام، بەهیوام، بەهیوا!**

ستۆکهۆلم سەعی





Wellamî nameyekî newrozî

Dostî xoşewîstm n, ş
Em kate û gşit katêkt şad, awatm eweye jiyan be arezut bê! Karte cwane newrozîyeket, legell namekeyi ke basî hatinî şemall û twaneweyi befr ekat, geyşite destm. emewê bew çend dêrre wellamî nameke û heste cwaneket bemewe:

Behiywayi şemallêkm, rinokan birroxênê
bestellek û rêbendanî rêbendan helltekênê!

Behiywayi şemallêkm erxewane sûr werrêxa
tepollke û çîya pak katewe,
Dmellî ser cade û kollanan helltekênê

Behiywayi şemallêkm towî şadî le dlla biçênê
Agrê bigeşênêtewh - şewezng bsûtênê,
Newrozêkî şad bo hemûman bih diyarî bênê

Behiywayi newrozêkm
koyledar bedes kwîle - dabezênê
baskm le gerdinî dostan ballênê
be esirînî xoşewîstî
le cêyi her drrkh jengawîyek
hezaran gullixenderan birrwênê
behiywam, behiywam, behiywa!
stokhollm se'î



**Sommar tiden**



**هاوین تیدێن**

**Solen skiner**
**Pojkar och flickor**
**لەبەریا راکشاوە**
**وەکو بڵێی درەختی تاو بەری داوە**

**Havet är klar och tydligt**
**بەڵام بە پۆلە قاز و سۆنە و**
**Båt ockuperat**
**کراوە**
**Månen lyser**
**بە کوردی خەرمانەی داوە**
**Några stjärnor**
**لە دەوریدا رووەوە**
**Sommar i Sverige jätte fine***
**دڵ رفینە**
**لە هەرلا**
**Dricka o sjunga o**
**هەڵپەرینە**

***

*: är jätte fin - (fullmåne) **خەرمامە بە سویدی ئەبێت بە**





## نەورۆز

## Nwroz

**نەورۆز جهان ئەکات بە گوڵستان**
**ژیان هەموار ئەکات بۆ هەمووان**
**نەورۆزکەی کورد ئەو رۆژەیە**
**کە سەربەخۆ بێت کوردستان!**

Newroz cihan ekat be gullstan
jiyan hemwar ekat bo hemuwan
newrozkeyi kurd ew rojeyşe
ke serbexo bêt kurdistan!

# پایان

# PAYAN

# 12 - 3 - 2025